کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی عەلی خامنەیی سەرکۆشی لە ئێران دەکات و داوای سەقامگیری و ئاشتی ناوچەکە دەکات



ئەمڕۆ یەکشەممە"نێچیرڤان بارزانی" سەرکی هەرێمی کوردستان،پرسەو سەرخۆشی خۆی ئاراستەی گەل و حکومەت و سەرکردایەتی ئێران کرد بەبۆنەی شەهید بوونی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، ئایەتوڵا سەید عەلی خامنەیی.

بارزانی لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە ،تیایدا ڕایگەیاندووە: گەرمترین پرسەو سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی گەل و حکومەت و سەرکردایەتی ئێران دەکەین بەبۆنەی کۆچی دوایی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، ئایەتوڵا عەلی خامنەیی، زانای ئایینی دیار. هاوبەشی ئەو خەم و پۆژارەین و داوا لە خودا دەکەین بە بەزەیی فراوانی خۆی شادمانی بکات و بە بەهەشتی بەرینی شادبکات، و سەبووری و ئارامی بە کەسوکاری ببەخشێت.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە ، سەرکی هەرێم دەڵێت : لەم بارودۆخە سەختەدا، جێت لەسەر گرنگی پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان بە ئاشتییانە دەکەینەوە،هەر بۆیە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات لە ڕاگرتنی ململانێکان و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە.